## شێرزاد نانەکەلی:

# کەسانێک هەن هونەری کوردییان شێواندووە



ئا/ بەهرە سدیق

***

**هونەرمەندی لاو شـێرزاد نانەکەلی ماوەیەکی زۆرە خزمەت بە هونەری کوردی دەکات و چەند سـاڵێکە لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات و لێرە و لەوێش بەردەوام بووە لەسەر کاری هونەری، ماوەیەکە بە سەردان گەڕاوەتەوە کوردستان و خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ، لە پێوەندییەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

***

*** بەرهەمەکەت چی بەسەر هات؟**

لەڕاستیدا یەك تراكمان تۆمار كردووە ئەوانی تریش لە ئاییندەدا تۆمار دەكەین.

*** دوای ئەو هەموو ساڵە لە دوورە وڵاتی، ئاستی هونەری کوردیت چۆن بینی؟**

- تارادەیەك من گەشبینم بە پێشكەوتنەكانی هونەری كوردی.

*** لە ئەوروپا هونەرمەند خۆی پێدەگەیەنیت یان حکومەتە هاوکاری و پاڵپشتی دەکات؟**

-نەخێر هونەرمەند خۆی خۆی پێ دەگەیەنێت حكومەت هاوكاری ناكات.

*** کەواتە بۆچی هونەرمەندانی ئێمە زۆر داوای هاوکاری لە حکومەت دەکەن؟**

-لەبەر ئەوەی یاسـاییەك نییە بۆ پاراسـتنی مافی هونەر و هونەرمەندان لە كوردسـتان بۆیە ئەركی حكومەتە هاوكاری هونەرمەندان بكات، بەڵام ئەگەر یاسایەكی تایبەت هەبێت كە مافی هونەرمەندان بپارێزێت ئەو كات ئەركی حكومەت نابێت.

*** هۆکاری نەبوونی یاسایەکی لەو جۆرە چییە و کێ لێی بەرپرسە بە پلەی یەك ؟**

- حكومەتی هەرێم و پەرلەمان دواتر وەزارەتی رۆشـنبیری تا ئێستا نەیان توانیوە یاسایەك دابنێن تا هونەرمەندان زەرەرمەند نەبن.

***ئەی سەبارەت بە هاوڵاتی پێتوانییە ئێستاش کەلتوری کۆن و بۆچوونی خەڵك بەرامبەر بە هونەر و هونەرمەندان نەگۆڕاوە ؟**

-لەراستیدا هونەر حەزە و هەر كەسێك بەجۆرێك لێی دەڕوانێت بۆ نموونە گەنجێك پێدەگات و گۆرانی دەڵـێ ناتوانـێ گۆرانی كۆن بڵێ من بەش بەحاڵی خـۆم گۆرانییە كۆنەكانیش دەڵێم ئەمەش پشت راستكردنەوەیە بۆ ئەوەی ئاگام لەرابردووی خۆمە.

***جیاوازی ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندان لە کوردستان و دەرەوە چین؟**

-تەنها یاسـایەك بۆ هونەرمەندان هەبێت لەگەڵ چەنـد كۆمپانیایەك كاری هونەری بەڕێوە بەرێت كۆپی نەمێنێت گرفتی هونەرمەندانی كورد تارادەیەكی زۆر كەم دەبێتەوە.

***هاوسەرەکەت راگەیاندنکارە تۆش هونەرمەند، هیچ پرۆژەیەکی هاوبەشتان نییە؟**

-بێگومان لەبەرنامەم دایە ئێستا بیرۆكەم بۆ داڕشتووە، ئەم بەرنامەیەی ئێمە بۆ هەر تیڤیەك بێت پێویسـتە جۆری دیكۆرو شـێوەی بەرنامەكەی بەدڵ بێت ئێمەش ئامادەین ئەم كارە بكەین هەموو كارەكانیش بە شێوەیەكی پرۆفیشناڵ دەبێت.

*** باسـمان لە راگەیاندن کـرد وەك هونەرمەندێك میدیای کوردی چـۆن دەبینی بەتایبەتی بەرامبەر بە هونەرمەندان؟**

- بەشـێوەكی گشـتی خراپ نییە، بەڵام پێویسـتیمان بە تیڤی تر هەیە لە بواری گۆرانی و میوزیك.

*** ئەی ئەو هەموو کەناڵانە بە کاری خۆیان هەڵنەستاون؟**

- من ناڵێم پێ هەڵنەستاون، بەڵام هەر كەمە بۆ میوزیك و گۆرانی هەرچەندە كەناڵی تایبەت بە میوزیك ز گۆرانیمان هەبێت باشترە و كاری باشتریش بۆ هونەرمەندان دەكرێت.

***پێتوایە گرفتەکانی ئێسـتای هونەری سیستەمەکە لێی بەرپرسە یان کەسانێك بە میزاجی تایبەتی خۆیان کار دەکەن؟**

-دەتوانم ئەوەی دووەمیان هەڵبژێرم بەداخەوە هەندێك كەس هەن بەمیزاجی خۆیان كار دەكەن ئەوەی كە مەبەست بێت هاوكاری دەكات و ئەوەی تریش هیچ.

*** ئایا لە کوردسـتان هەسـت دەکەی کە جۆرێك لە جیاوازی و نادادپەروەری هەیە لە مامەڵە کردن لەگەڵ هونەرمەندان؟**

- لەراسـتیدا هەیە بەس هەندێك كەس هونەری كوردیان شێواندووە و هەندێكیان زۆر بە دڵسۆزی كار دەكەن

*** تۆ و گوڵاڵە هاوکاری یەکتر دەکەن؟**

- بێگومان ئەو زۆر هاوكاریم دەكات منیش بەهەمان شێوە كەواتە هەردووكمان تەواوكەری یەكترین.

**یاساییەك نییە بۆ پاراستنی مافی هونەر و هونەرمەندان لە كوردستان بۆیە ئەركی حكومەتە هاوكاری هونەرمەندان بكات**

**وەزارەتی رۆشنبیری تا ئێستا نەیان توانیوە یاسایەك دابنێن تا هونەرمەندان زەرەرمەند نەبن**



# شەیدا:

# کاری هونەری باش ئەرکی هونەرمەند قورستر دەکات

شەیدا یەکێکە لە هونەرمەندە دەنگخۆش و ناسکەکانی رۆژئاوای کوردستان کە لە دەنگەکەیدا هەست بە رەسەنایەتییەکی کوردی دەکرێ و لە هەموو لایەنێکی هونەرییەوە بە تەواوی مافی تێکست و ئاوازەکانی دەدات، هەر خۆیشی ئاواز بۆ زۆربەی گۆرانییەکانی دادەنێت.

هەرچەندە بە ژمارە گۆرانی و بەرهەمەکانی زۆر نین، بەڵام ئەوەی بە وردی لەو بەرهەمانەی ئێستا شەیدا بڕوانێت هەست دەکات کە تاموچێژێکی تایبەتییان هەیە کە رەنگە لە هەموو هونەرمەندەکانی دیکە هەستی پێ نەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین خاوەن ستایلێکی تایبەتە و تەنانەت کە گۆرانی هونەرمەندانی نەمریش لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا دووبارە دەکاتەوە بە ئاشکرا هەست بەم تایبەتمەندییە دەکرێ، جگە لەوەش زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ کلیپەکانیشیدا دەکات بەجۆرێك کە رەنگدانەوەی تەواوی تێکست و ئاوازەکەن و، بینەر لەکاتی بینیندا هەست دەکات کە سیناریۆی کلیپەکەش ماندوو بوونێکی زۆری پێوە دیارە، چونکە هیچ پچڕانێك بەدی ناکرێ لەنێوان سیناریۆی کلیپەکە و تێکستی گۆرانییەکە.

لە پێوەندییەکدا شەیدا دەربارەی بەرهەمەکانی پێشووی بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن: راستە بە ژمارە کارەکانم زۆر نین، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە تێکست و ئاوازم نەبووە، بەڵام من تا ئاوازێك یان تێکستێك دەدۆزمەوە کە بە تەواوی لێی رازی بم زۆر لێی ورد دەبمەوە و دەبێ لە هەموو لایەنێکەوە قەناعەتی تەواوم پێی هەبێت ئینجا کاری لەسەر دەکەم و پێشکەشی جەماوەری دەکەم، چونکە ئەوەی من مەبەستمە خزمەت کردنی هونەری کوردییە ئەویش بە بەرهەمێکی وا دەبێت کە جەماوەر لێی رازی بێت و دەستخۆشیم لێ بکات، نەك تەنیا مەبەستم دەرکەوتن و تۆمار کردنی کلیپێك بێت بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی هونەری تێدا نەبێت و بە چەند مانگێك دوای بڵاوکردنەوەی بمرێت و لە هزری جەماوەردا نەمینێت، لەوەش گرنگتر بە لای منەوە دەبێ هونەرمەند کارێك پێشکەش بکات کە بە هەر شێوەیەك بێت هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرەکەی و فەرهەنگ وکەلتووری نەتەوەکەی بێت، بەجۆرێك هەر کەسێك گوێی لێ بێت بزانێت ئەمە هونەری کوردییە.

شەیدا کە دیۆیەکی لەگەڵ خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان دلبەر هەیە و سەرکەوتنێکی بەرچاویشی بە دەستهێناوە بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کلیپە، لە درێژەی لێداوانەکەیدا بۆ گوڵان گوتی: رەنگە بارودۆخی ئێمە وەك باشووری کوردستان نەبێت لەرووی ئیمکانیات و لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، بەڵام ئێمەش بەردەوامین لە خزمەت کردن بە هونەری کوردی بەشێوازی خۆمان جا چ لە دەرەوەی کوردستان بێت یان لەناوەوە، ئەوەی لە تواناماندا هەبێت کردوومانە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە دەرکەوتنی چەندین هونەرمەندی بە توانای کوردە لەو پارچەیەی کوردستان کە لەلایەن جەماوەرەوە رێز لە کارەکانیان دەگیرێت لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و جەماوەرێکی زۆریشیان پەیدا کردووە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بە دڵسۆزییەوە خزمەتی هونەری کوردی دەکەن.

شەیدا هەر لە درێژەی پێوەندییەکەیدا دەڵێ: هەر هونەرمەندێك بە دوای کارێکی باشدا دەگەڕێت کە دڵی جەماوەرەکەی پێخۆش بکات و جەماوەر ستایشی ئەو کارەی بکات لە هەمان کاتدا خزمەتێك بە هونەرەکەی بکات، بەڵام ئەمەش دیسان ئەرکی هونەرمەند قورستر دەکات، چونکە هونەرمەندە کە کارێك پێشکەش دەکات و جەماوەر لێی رازی بێت دەبێ دواتر کارێك بکات کە زۆر لە کاری یەکەمی باشتر بێت ئەمەش بێگومان ئەرکی هونەرمەند زۆر قورستر دەکات، چونکە دابەزینی ئاستی بەرهەمی دووەم بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی نوێی دەبێتە هۆی ناڕەزایی جەماوەر و هەموو هیوا و ئاواتی هونەرمەندی گۆرانیبێژیش رازی کردنی دڵی جەماوەرە.

# میلا شەڕی دەست پێکرد



خانمــە ئەکتەری میلا جۆڤۆڤیتش ئاماژەی بەوە کرد کەوا پیلانێك هەیە بۆ ســەرنەکەوتنی فیلمە نوێیەکەی (Three Musketeers) و کۆمپانیای بەرهەمێنەری فیلمە (Summit Entertainment) لە پشت ئەو پیلانەوەیە.

جۆڤۆڤیتــش لەم بارەیەوە وتی: ئەوەی کۆمپانیاکە ئە نجامی دەدات کارێکی بێ مانا و مایەی شەرمەزارییە، چونکە هەوڵ دەدەن فیلمەکە هەرەس پێ بهێنن و تا ئێستا نەیانتوانیوە پروپاگەندەیەکی گونجاو و شــایەنی بۆ بکەن. میلا، هەروەها لەسەر پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر وتی: ئەو شــەوەی فیلمەکە لە ئەمریکا نمایشــکرا کەس ئاگادار نەبــوو لەوەی کەی و لە چ هۆڵ و شــارێك نمایش دەکرێت، بۆیــە پێموایە کۆمپانیاکە دەیەوێ فیلمەکە زیندە بە چاڵ بکات و نایەوێت فیلمەکە ســەرکەوتن بەدەســت بهێنێت، چونکە ئەم کۆمپانیایە برێکی زۆر پارەی لە فیلمی (Twilight) دەســت کەوت بۆیە وەك پێشــوو ورە و توانای کار کردنیان نەماوە و نایانەوێ خۆیان بە فیلمی دیکەوە ســەرقاڵ بکــەن یاخود بچن ریکلام و پروپاگەندە بۆ فیلمــی تر ئەنجام بدەن لە کاتێکدا قازانجێکی ماددی زۆریان دەســتکەوتووە لە فیلمێکی تر.

شــایەنی وتنە کۆمپانیای بەرهەمێنەری فیلمەکە هیچ لێدوانێکی نەداوە لەسەر ئەم تۆمەتبار کردنەی میلا.

# لۆپێز لەبەر ئەنتۆنی نەگریاوە



بــەم دواییە لە یەکێك لە ئاهەنگەکان جنیڤەر لۆپێزی خانمە ئەکتــەرو گۆرانیبێژی بە رەچەڵەك لاتینی دوای وتنی یەکێك لە گۆرانییەکانی بە گریانەوە تەختی شانۆی جێهێشت.

زۆر لــە ئامادەبوان ئەم گریانــەی لۆپێزیان بۆ کاریگەرییەکانــی جیابوونەوەی لە مارك ئەنتۆنیــی هاوســەری لێکدایــەوە، بەڵام جنیڤەر بە توندی ئەمەی رەتکردەوە و گوتی: من بە هیچ شێوەیەك بەهۆی ئەنتۆنی نەگریاوم، بەڵکو بۆ وێنەکەم لەگەڵ جمکەکانم گریام کە لە کاتی گۆرانی وتنمدا لەگەڵ ریکلامی (Gucci) لەســەر شاشەیەکی گەورە نمایــش دەکرا، ئەم وێنەی زۆر کاری تێکردم و خۆم بۆ نەگیرا کــە بەردەوام ســەیریان بکەم بۆیە ناچار بووم لە شانۆکە بچمە دەرەوە.

بەپێی سەرچاوەکانیش ئەم وێنەیەی کە بۆ لۆپێز و دوو جمکەکەی گیراوە تایبەتــە بە ریکلامێکی (Gucci) و ئەم ریکلامە گرنگییەکی زۆری هەیە لای لۆپێز بۆیە لــە کاتی بینینیاندا خۆی بۆ نەگیرا و تەختەی شانۆی جێهێشت.

# سەرنجراکێشترین ئافرەت



گۆڤاری (گلامۆر)ی فەرەنسیی تایبەت بــە هەواڵی هونەرمەند و کەســایەتییە بەناوبانگــەکان، کۆرتنــی کۆکســی ئەکتەری ئەمریکی وەك سەرنجراکێشترین ئافرەتی سینەماکار هەڵبژارد.

هەڵبژاردنــی کۆکــس بــۆ وەرگرتنی ئەم نازناوە بەشێکی زۆری بۆ دەرکەوتنی کۆکس بە جلێکی رەشەوە دەگەڕێتەوە کە بووە مایەی راکێشانی سەرنجی ئەو کەسانەی لە ئاهەنگێك ئامادە بوون کە چەندین ئافرەتی دیکە تێیدا بەشداران.

شــایەنی گوتنە کۆرتنی کۆکسی تەمــەن ٣٦ ســاڵ ســەرەتا وەك نمایشــکارێکی جلوبەرگ دەستی پێکــرد دواتر وەك پیشــەگەر رووی لە ســینەما کــرد و بەناوبانگترین فیلمەکان بریتین: کێڵگە شــێتەکە، سکریم٤، سکریم٥.

# نزار سەلامی بە (ئاکامی نهێنیەکان) باس لە توندوتیژی دەکات



زنجیرە درامای (ئاکامی نهێنییەکان) نوێترین کاری هونەریە کە ئەکتەری لاو نزار سەلامی بەشداری تێدا دەکات و باس لە هۆکارەکانی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکات لە کوردستان.

لە بارەی ئەم زنجیرە درامایە و رۆڵی تێیدا هونەرمەند نزار سەلامی لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گوڵان باسی لە وردەکاریەکانی کرد و گوتی: لەم درامایەدا من رۆڵی سەرەکیم هەیە کە لە دەرهێنانی سالار سولتانییە و باس لە دیاردەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت دەکات لە کوردستان، هەروەها ژمارەیەك ئەکتەری ناودار بەشداری تێدا دەکەن لەوانە شەماڵی عەبە رەش، تەلار هیرانی و چەندین ئەکتەری دیکە.

نزار سەلامی کە پێشتریش رۆڵی پاڵەوانی لە چەند فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا بینیوە دەڵێ: ئەم درامایە لە ١٠ ئەڵقە پێکدێت و بریتییە لە چەند چیرۆکێکی راستەقینە کە کراوەتە دراما، رێکخراوێکی ئەمریکی کە لە بواری نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کار دەکات ئەم کەیسانەیان کۆکردۆتەوە و سالار سولتانی وەك سیناریۆ دایڕشتۆتەوە و دواتریش هەر خۆی کار ی دەرهێنانیشی بۆ کردووە.

## جیسیکا داوای یەک ملیۆن دۆلار دەکات



ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی جیسیکائەلبا داوای بڕی یەك ملیۆن دۆلاری کرد وەك قەرەبوو لە کۆمپانیایەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی جوانکاری و گرنگیدان بە جوانکاری لە بری بەکارهێنانی ناوی وەك پروپاگەندەیەك بۆ بەرهەمێکی نوێی. کۆمپانیاکە بێ ئەوەی مۆڵەت لە جێسیکا وەربگرێت وێنەکەی بەکارهێناوە لەسەر بەرهەمێکی نوێیان کە تایبەتە بە دابەزاندنی کێشی لەش بەو مەبەستەی ئافرەتان زیاتر ڕووی تێبکەن، هەر لە داوکارییەکەی جیسیکادا هاتووە کە لەسەر یەکێك لە پۆستەرەکان نووسراوە ئەم بەرهەمە هۆکاری سەرەکی رێکی لەشی جیسیکایە دوای چەند مانگێك لە دوو گیانی، هەروەها کۆمپانیاکە لەسەر ویب سایتی تایبەتی خۆیان ناو و وێنەی جیسیکایان لە شوێنی ناوداران داناوە کە رای خۆیان دەربارەی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە نووسیوە. ماڵپەری (TMZ)ی هونەری لەم بارەیەوە رایگەیاند کەوا جیسیکا جگە لە یەك ملیۆن دۆلار داوای بەشێك لە قازانجەکانی کۆمپانیاکەش دەکات.

## لە ساڵێکدا سێ جار شووی کردووە و تەڵاق دراوە



بڕیار وایە بەم زووانە کچە گۆرانیبێژی یەمەنی ئەروا رەگەزنامەی لوبنانی وەربگرێت دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکهێنا لەگەڵ بەرهەمهێنەر و راگەیاندنکاری لوبنانی فەتاح ئەلمسری.

ئەروا لە میانەی بەرنامەیەکدا رایگەیاند کەوا زەماوەندەکەیان زۆر بە نهێنی ئەنجامدا ئەمەش لە ترسی ئەو پروپاگەندە ناراست و هەڵبەستراوانەی کە بەم دواییە لە دژی بڵاوکرانەوە بەر لەوەی زەماوەندی خۆیان ساز بکەن، ئەروا زیاتر وتی: بەر لەوەی زەماوەند بکەم چەند پروپاگەندەیەکی ناخۆش دژی من بڵاوکرایەوە کە کاریگەری زۆریان لەسەرم هەبوو تەنانەت پروپاگەندەکان گەیشتنە ئەو رادەیەی کە گوتیان من لە ساڵێکدا سێ جار شووم کردووە و دواتر تەڵاق دراوم، ئەم قسانەش زۆر بێزاریان کردم بەتایبەتی لەلایەنی خێزانەکەمەوە کە کاری زۆری تێکردن و بوونە مایەی دڵتەنگی و نارەحەتیان.

بە پێچەوانەی زۆر لە هونەرمەندان ئەروا، هەروەها وتی: ئەگەر سەر پشکم



## فەرزین کەریم:

# وەزارەتێکمان بۆ سینەما پێویستە

**وەك ســـینەماكار و نووسەر بوونی هەبووە و ناسراوە بەتایبەتی لە نووســـینی تەنزدا، ئەگەرچی ماوەیەكیشە هەست دەكرێ كە لە نووسین و تەنانەت لە سینەماش دابڕاوە، بەڵام ماوەیەك وەك یەكێك لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی سینەماكارانی كورد و دواتریش لە كارێكی سینەمایی نوێدا دەركەوتەوە، فەرزین كەریم لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەند پرسیارێكی گوڵانی دایەوە.**

*** ئـــەو بێدەنگییـــە درێژخایەنەت بۆ بـــە (دەنگە نەبینراوەكان) شكاند؟**

- بـــە هۆی ئەوەی خۆم راگەیاندنكارم و تا رادەیەك بارودۆخ و كێشـــەكانی ناو میدیای كوردی دەزانم، بـــەوەی تێیدا زۆر جاران مێـــش دەكرێتە گامێش و گامێشیش دەكرێتە مێش! بۆیە هەستم كرد كار كردن بە بێدەنگی كەمتر تووشـــی گرفتم دەكات، دەنا لەو ماوەیەی كـــە بە بێدەنگی ناوی دەبـــەی، بەردەوام خەریكی كار كردن بوومە؛ چ لە ئەنجامدانی فیلم و چ بە نووسین. بەڵام هەواڵەكانی پەیوەست بە فیلمی (دەنگە نەبینراوەكان) بە هـــۆی هاندانی هاوڕێیانم خرایە بەر دیدی راگەیاندنەوە.

***تـــۆ یەكێكـــی لـــە دامەزرێنەرانـــی كۆمەڵەی سینەماكارانی كورد، پەیامی راستەقینەتان چییە لە دامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە؟**

- پێش هەر شـــتێك زۆر لە سینەماكاران چەند ساڵە بیر لە دامەزراندنی ســـەنتەر یان رێكخراو و كۆمەڵە و دامەزراوەی ناحكومیی ســـینەمایی دەكەنەوە، بۆ وێنە لە ساڵی دوو هەزارو حەوتیش كە تەنانەت خۆشم بەڕێوەبەری ســـینەما بووم لە وەزارەتی رۆشنبیری، بـــە هاوڕێیەتی لە گەڵ چەند ســـینەماكارێك ئەم كارەمان كـــردووە، بەڵام لە وەزارەتـــی ناوخۆ هیچ وەڵامێك نـــەدراوە. پەیامی تێكڕای ئەم هەوڵانە بۆ درووستكردنی دامەزراوەی ناحكومی بۆ سینەما (بە كۆمەڵەی سینەماكارانیشـــەوە) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پرۆسەی سینەما بە گشـــتی و بەرهەمهێنانی فیلم بە تایبەتی پێویستی بە رۆشنبیری و مەعریفە و درك پێكردنێكی زۆر قـــووڵ هەیە. بە داخەوە لە زنجیـــرەی مەراتیب و قۆناغەكانی رۆتینیات كە لە هەر كامیاندا كەسـێك یان كەسـانێكی ناشارەزا و دوور لە سینەما بڕیاردەرن، دەبنە هۆی پەككەوتنی پرۆســـەكان و دروســـت بوونی درز و جـــارو باریش دروســـتبوونی گەندەڵی و ناوزڕاندنەوە. دروستبوونی ئـــەم كەلێن و درز و پێچ و پەنایانە زیان بە پرۆســـەكە دەگەیێنێـــت و جار و باریش كەســـی ســـینەماكاریش تێوەدەگلێنێت. بە كورتی پەیامەكەی ئەم هەوڵانە خۆ دۆزینەوەی خودی سینەماكارانە لە ناو پرۆسەكەدا بە شێوەیەكی دروست و تەندروست.

***وەك كۆمەڵە لـــە دوای دامەزراندنییەوە تا ئێســـتا چیتان كردووە؟**

-پچڕ پچڕ كۆبوونەوە كـــراوە. جاروبار زۆر بە جیدی و مكوڕی دانیشـــتووین و پلانمـــان داناوە و دواتریش چوین و بە مانگ بێدەنـــگ بووین، بە هۆی ئەوەی تا ئێســـتا رەچاو كردنی كلتوری بەرژەوەندی گشتی لای ئێمە درووست نەبووە. هەر كاتێك یەكێك خەریكی كار كردنە لە ســـەر فیلمێك لە سەر بودجەی حكومەت یان وەزارەت، ئەوا تا ماوەیەك خۆی و كەســـە نزیك لە بیروڕایەكانی نەباســـی ئامانجەكان دەكەن و نە باسی هەوڵدان بۆ چاكســـازی. ئەم چەنـــدەش گلەیی لێ ناكرێت، چونكە ئـــەم كردەوە لە تێكڕای جۆمگەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بووەتە دیاردە. بەڵام ئێمە هیواداریـن لە نەمانی ئەم دیارەیە هەر هیچ نەبێت ئێمەی سینەماكاران ببینە پێشەنگ.

*** هەماهەنگیتان لەگەڵ حكومەت چۆنە؟**

-هەر وەكو پێشـــتر باســـم كرد، لە كۆمەڵگای ئێمەدا هەموو كایە رۆشنبیرییەكان لە سەر بناغەی بەرژەوەندی دادەمەزرێت كـــە ئەمەش لای هەر دوو لا ناســـراوەو بووەتـــە هۆی متمانە پێك نەكـــردن. تا متمانەمان بە یەكتر نەبێت و لە گەڵ خۆمان راســـت نەبین، ئەوا ئەو هەماهەنگیە دروست نابێت.

***ئەی لەگەڵ رێكخراوی هونەرمەندانی كوردستان؟**

-لەگـــەڵ ئەوانیـــش هەمان دۆخەكە هەیـــە، چونكە رێكخـــراوی هونەرمەندانیش وەك ئێمە بەشـــێكن لەم كۆمەڵگایە بەرژەوەندیخوازە.

***تاكەی بەم بارودۆخـــە رازی دەبن، كە بریتییە لە باس لە نەهێڵانی بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی سینەما دەكـــرێ، ئێوەش كۆمەڵەیەكتـــان دامەزراندووە، ئایا ئەمـــە كاریگەری نابێت لەســـەر ئاســـتی هونەری سینەما؟**

-ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئێمە چیمان لە سینەما دەوێت. جالیـــەی ئەرمەنی لە وڵاتنـــی جیهان بە تایبەتی لە وڵاتی كەنەدا ســـاڵانە پارە كۆدەكەنەوە بۆ ئـــەوەی فیلم لە ســـەر رەشـــەكوژی ١٩١٥ی ئەرمەنییەكان لە لایەن عوســـمانییەكان كۆ بكاتەوە. هەر ئەمە بووەتە هۆی كە بە جینۆســـاید ناساندنی ئەم كوشـــتارە لە لایەن فەرەنســـییەكانەوە پەســـەند بكرێت، هەروەها تا ئێســـتا لە كۆنگرێسی ئەمریكی مشـــتومڕی لە سەر بێت. ســـینەمای ئەرمەنی لە سەر ئاســـتی جیهان زۆر هاوكاری ئەم بارودۆخەی كرد. فەلەســـتینییەكانیش بە هۆی ســـینەماكەیان بـــە تایبەتیش ســـینەمای دیكۆمێنتـــاری، كار لە سەر كارەساتی (سەبرا) و (شـــەتیلا)ی ساڵەكانی شەســـتەكان دەكەن. جووەكان هۆلۆكۆستیان كردووەتە ئامانـــج، نمونەی هـــەر بەرزیش فیلمی (لیســـتی شتایدەر)ی دەرهێنەر ســـتیڤن سپیلبرگە. توركەكان بە نەفام و نەزان و شـــەڕانی و دواكەوتوو نیشاندانی كوردەكانیان لە فیلمدا كردووەتە مەبەست . دەوڵەتی ئێـــران بەهـــا ئایینیەكانی خۆیـــان كردووەتە هێڵی ســـەرەكی. ئەمریكییەكان پیشـــاندانی باڵادەستیان خۆیان لە جیهاندا ئامانجە. فەرەنســـییەكان لایەنی كلتووریان گەرەكە. هیندییەكان سینەمای تەرفیهیان بۆ بیر كردنەوەی ناخۆشی و بەدبەختییەكان كردووەتە رێڕەوەی سینەماكەیان. ئێمەی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی سەر گۆی زەوی دەبێت تێكرا و هەموو ئەم شتانە بكەینە ئامانج، بۆ ئەم مەبەستانەش نەك بەڕێوەبەرایەتییەكی گشـــتی، نەك دەزگایەك بەڵكو



## سیریل:

# ئەگەر توانای دەنگیم باش نەبێت، دەبمە نمایشکاری جلوبەرگ

***

**سیریل یەکێکە لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی کە لە سەرەتاکانی کاری هونەریدایە و بەو بەرهەمانەی تا ئێستا پێشکەشی کردوون سەلماندی کە توانا و بەهرەیەکی هونەری بەرزی هەیە، لەدیمانەیەکدا سیریل بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند کە پشت دەبەستێت بەتێگەیشتنی خۆی بەجێگیر بوونی ئەو وشانە کە لە ناخیدایە لە کاتی گۆرانی وتندا نەوەك خۆنمایشکردن.**

***

سیریل ناوی تەواوی (سروە)یە، بەڵام لەنێو خانەوادەکەی هەر لەمنداڵییەوە بە سیریل بانگیان کردووە بەتایبەت لەلایەن باوکی کۆچ کردووی، دواتر کەسەردانی دەرەوەی وڵات دەکات و لە سوید نیشتەجێ دەبێت بەیەك جاری ناوی خۆی دەکات بە « سیریل». سیریل زیاتر دەڵێت «یەکێك لە هیواو ئاواتەکانم لەمنداڵی بریتی بوو لەمۆسیقا و گۆرانی، بەڵام بەداخەوە مەرگ ڕێی پێنەدا باوکم ببینێت کە یەکێک لە ئاواتە جوانەکانم هاتۆتە دی، چونکە بەر لە ٢ ساڵ باوکی خۆشەویستم ماڵئاوایی لە ئێمەو لەژیان کرد. لەبارەی ئەوەی لەبواری هونەریەکەوە تاچەند پشت بە خۆ نمایشکردن و جوانی دەبەستێت، سیریل ووتی «لای ئێمە زۆر شت تێکەڵ دەکرێت، ڕەنگە ئەمە کەم تا زۆر لەناو نەتەوەکانی تریش هەبێت، کە هەندێك کەس هەوڵ بدەن هونەر بەکاربهێنن بۆ خۆ نمایش کردن و لەڕێی ئەو نمایشەوە نەشازی دەنگ و کەمی توانای وتن بشارنەوە، بەڵام ئەوە شتێکی کاتی دەبێت و بەردەوام نابێت، بۆیە باشتر وایە ئەو کەسانە بزانن هونەرێکی تر هەیە ئەوان خۆیانی تیا بدۆزنەوە پێویستی بەدەنگیش نییە تا لەدواجاردا ناسازی دەنگیان ئیحراجیان بکات، ئەوان دەتوانن بە هونەری نواندن یان هونەری نمایشکردنی جوانکاری خۆیان خەریک بکەن، لەوکاتەدا تەنها توانای نواندن و جوانییەکەیان بەس دەبێت بۆیان، سیریل پێشی وایە کە هونەری گۆرانی وتن توانای وتن و یاریکردنی دەنگی لەگەڵ وشەکانی دەوێت، دەڵێت « ئەوەی بیەوێ خۆی بەگۆرانی وتن نمایش بکات و توانای نەبێت لەوتن و دەنگدا هەرچی بکات شتێکی کاتیە و دەڕوات. سیریل ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پشت دەبەستێت بە تێگەشتنی خۆی و جێگرتنی ئەو وشانەی کە دەیڵێت لەرۆحیدا و بە توانای دەنگی خۆی هونەر دەکات و گۆرانی دەڵێت، نەک خۆ نمایشکردن، دەشڵێ، ئەگەر هاتمە بڕوا توانای دەنگیم نییەو حەزیشم بە خۆنمایشکردنە ئەوە دەچمە بواری نمایشی جلوبەرگ یان تکا لە کۆمەڵێك دەرهێنەر دەکەم لە نواندندا بەشداریم پێبکەن و لەخولی نواندندا خۆم رادەهێنم و خاڵی لاوازی نادەمە دەستەوە، وەک ئەوانەی کە توانای دەنگیان نییەو گۆرانیش دەڵێن، بەڵام ئەوەش وەک روخاندنی ئەوانە ناڵێم، تەنها پێشنیاری منە بۆ ئەوان کە دەتوانن لەبوارێکی تر ئەستێرەبن، ئەگەرنا حەزیان بۆ وتنی گۆرانی و هاتنە پێشەوە لای من جێگای رێزو پێزانینەو وەک ژنێکیش ستایشی ئەو هاتنە پێشەوەیان دەکەم.

سیریل دەربارەی ئەو گۆرانییەی کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئالان عومەر وتویەتی ئەوە دەخاتەڕوو کە خۆیی پەیامێکی تایبەتیان هەبوو لەو گۆرانییەی بۆ کوردستانیان وت و دەڵێت « چونکە ئەو کاتەی ئەو گۆرانییە وترا کاتێکی هەستیار بوو، کوردستان لەسەر لێواری شەڕ بوو، چ شەڕێک؟ شەڕی خۆ کوژی، راست نییە بڵێین هەستمان بەمەترسی شەڕ نەکردووە، ئەوکاتە ئەوە دەبینرا لەکوردستان، جەرگ سوتانی دایک بۆنی دەگەیشتە رۆحی ئێمە لە دوورەوەی وڵات، هونەرمەند ئالان عومەر پەیوەندی پێوەکردم ئەو نائارامتر دیار بوو لەمن، وتی تێکستێکم نووسیوە دەمەوێ داوا بکەین یان تکا لە سیاسییەکان بکەین کە جارێکی تر جەرگی دایکانی ئەو وڵاتە نەسووتێنن، من وتم با تێکستەکە ببینم، کە بینیم راستی جێی سەرنج بوو هەستمکرد ئالان لەو تێکستەدا ئەو هاوارە دەکات کە رۆحی من دەیکات بۆ ئاشتی و هەموو شەڕکەرەکانیش بەدڵسۆزی وڵات ناو دەبات و تەنانەت پەنای بۆ بریندارکردنی ئەوانیش نەبردووە، بۆیە رەزامەند بووم و هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دیارە کە ئەویش تێکست و گۆرانییەکەی بۆ ئەوکاتە پێ پێویست بووە، ئاوازێکی جوان و شایەنی بۆ دانا و تۆمارمان کرد، واتە دەکرێت بڵێین جیا لەوەی کە تێکستی ئالان عومەرە، بەڵام هاوارێکی دڵسۆزانەی هەڵکەوت زاهیر، ئالان عومەر، سیریل و ئەو بەرێزانەیە کە لەتۆمارکردنی ئەو بەرهەم بەشدارو هاوکارمان بوون بۆ ئاشتی، پەیامی ئێمە بوو بۆ ئەوان کە پێیان بڵێین بێزارین لەشەڕ لە کوشتن لەیەک سڕینەوە، تکایە تکا ئاشتی و ئاشتیمان دەوێت.

